# ئابووریی عێراق بەرەو کوێ دەڕوات؟

05-06-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : دۆخی ئابووری عێراق و داتای هەناردە و هاوردەکراوەکانی ئەو وڵاتە

# بەرایی

مانگی رابردوو، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی عێراق لە بڵاوکراوەیەکدا نیشانە "باشەکانی" ئابووری عێراقی لە ماوەی کارکردنی و ئەمساڵی بڵاوکردنەوە. تێیدا ئاماژەی بەوەکردبوو کەوا داهات چەند زیادیکردووەو، چۆن چۆنی سەقامگیری دارایی دروستبووە، هەروەها باسی ئەوەی کردووە کە بە چ شێوەیەک گرانی خۆراک و هەڵئاوسانیان کۆنترۆڵکردووە و رەوشی ئێستای قەرزەکانی عێراقیش چۆنە. هەروەها، مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیرانیش گوتی "نیشانەدەری نێودەوڵەتی و راپۆرتەکان ئاماژە بە گەشەی خێرای ئابووری عێراق دەکەن"[1]، کە هەردوو تێڕوانینەکە بۆ ئەمساڵ و رەنگە بۆساڵانی داهاتووش راست بێت، ئەویش بەهۆی یەک هۆکارەوە؛ نرخی نەوت.

راستە ئەم ساڵ عێراق لەڕووی گەشەکردنی ئابوورییەوە لەنێو ئەو وڵاتانەدایە کە بەرزترین ئاستیان تۆمار کردووە. بەپێی راپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی دراو IMF لە مانگی نیسانی 2022دا، رێژەی گەشەکردنی ئابووری عێراق دەگاتە 6.3% ، بەڵام مەترسییەکان لە داهاتووی ئەم ئابوورییە نەوتییە زۆر روونە و، نەك لە رابردوویەکی دووردا، بەڵکو لە 2020دا هەمووەمان تەنگژەکانی بەردەم ئەم ئابوورییەمان بینی کە پشت بە نەوت دەبەستێت. ئەویش کاتێک روونتر بوو کە کێشە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران هاتەپێشەوە! هەروەها گوتەکانی وەزیری دارایی و سەرۆکوەزیران سەبارەت ئابووری عێراقەوە سەرسووڕهێنەرن، چونکە ئێستا رێژەی هەژاری گەیشتووەتە 25% و لە هەندێک لە پارێزگاکانی باشوور رێژەی هەژاری و بێکاری نێوەی دانیشتووانەکەی تێپەڕاندووە[2]!

خاڵێکی دیکە، زیادبوونی پشتبەستنە بە نەوت، کە لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ داهات و خەرجییەکانی حکومەت تاوەکو کۆتایی مانگی ئادار‌دا، دەردەکەوێت کەوا 96%ی داهاتەکە نەوتییە و تەنیا 4%ی نانەوتییە[3]. واتە رۆژبەڕۆژ داهاتی نانەوتی کەم دەکات، ئەویش لەکاتێکدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی (هاوردەکردنی کاڵا) بۆ عێراق لە 2 ملیارەوە گەیشتووەتە سەرووی 50 ملیار دۆلارا! لێرەدا بە داتا هەڵوەستە لەسەر چوار رەهەندی پێوەرە ئابوورییەکان بۆ عێراق لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا دەکەین و تیشک دەخەینە سەر دوو دەیەی ئابووری عێراق لە رووەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هاوردەکردن و هەناردەکردن، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ وڵاتان، نیشانەدەرە سەرەکییەکانی ئابووری لە عێراق و فۆکووسی سەرەکیشمان لەسەر داهاتووی ئەم ئابوورییە دەبێت.

## سەرمایەی دوو دەیە هاوردە و هەناردەکردن لە عێراق

ئابووری عێراق لە 2020دا و لەڕووی گەشەکردنی بەرهەمی ناوخۆیی GDPوە 53مین وڵاتە، لەڕووی هەناردەکردنەوە ئابوورییەکەی 44مینە و لەڕووی هاوردەکردنی کاڵاوە 51 مینی جیهان بووە. هەروەها لەڕووی گەشەی بەرهەمی ناوخۆییەوە بۆ تاکە کەس واتە GDP per Capita لەجیهاندا 115مین بووە[4].

لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا گۆڕانکاری گەورە بەسەر قەبارە و جۆری ئەم ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانییە هاتووە، بەشێوەیەک کە بەپێی داتاکانی OECبۆ قەبارەی هاوردە و هەناردەکردنی عێراق لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا لە 16 ملیار دۆلارەوە بۆ 104 ملیار بەرزبووەتەوە. بەرزترین ئاستی هەناردەکردن بۆ دەرەوە لە ساڵی 2018دا بووە بە بەهای 87.4 ملیار دۆلار، هەروەها بەرزترین ئاستی هاوردەکردنیش کە تۆمارکرابێت لە 2014دا بووە بە بەهای 63.6 ملیار، وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە.

هەروەها، خاڵیکی دیکەی سەرنجڕاکیش لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی یاخود هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا لە ئابووری عێراق ئەو گۆڕانکارییەیە لە دوای 2003وە روویداوە، بەتایبەتیش لەڕووی هاوردەکردنەوە. بۆ نموونە لە 2000دا کۆی قەبارەی هاوردەکردنی کاڵا 2.79 ملیار دۆلار بووە و کۆی هەناردەکردنی کاڵاش 14.7 ملیار دۆلار بووە، واتە هەناردەکردنی کاڵا بە بەراورد بە هاوردەکردن پێنج هێندە بووە، بەڵام لە 2020دا قەبارەی هەناردەکردن 58.3 ملیار دۆلار و قەبارەی هاوردەکردن 46.7 ملیار دۆلار بووە، واتە تەنیا 0.2 قەبارەی هەناردەکردن لە هاوردەکردن زیاتر بووە.

گرافیکی 1: قەبارەی هاوردەکردن و هەناردەکردنی عێراق لە 2000 بۆ 2020 بە ملیار دۆلار.

سەرچاوە: چاودێریی ئاڵۆزیی ئابووری OEC، بانکی جیهانی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی

# عێراق چی هاوردە دەکات؟

لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا، لەڕووی هاوردەکردنی کاڵاکانەوە گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر جۆری کاڵاکانیش دا هاتووە. بەشێوەیەک لە مادده بنەڕەتی، مادده خاوەکان و مادده سەرەکییەکانەوە گۆڕاوە بۆ جوانکاری و پێداویستییەکانی دیکە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی قەبارەی هاوردەکردن چەند هێندە بووە. بۆ نموونە  لە 2000دا بەرهە خۆراکییەکانی وەک شەکر بەرێژەی 9.42% و بە سەرمایەی 263 ملیۆن دۆلار، چا بەڕێژەی 2.58% و گەنم بەڕێژەی 1.97% و کەلوپەلی پزیشکی بەڕێژەی 1.94% ، و تاد هاوردە کراوە، بەڵام لە 2010دا 2.93% هاوردەکردنی گاز، بە بەهای 848 ملیۆن دۆلار، ئۆتۆمبێل بەڕێژەی 4.59% و بە بەهای 1.33 ملیار دۆلار، چیمەنتو بەڕێژەی 2.52% و بەبەهای 728 ملیۆن دۆلار، بەڵام لە 2020دا بەرێژەی 7.12% واتە بەبەهای 3.33 ملیار دۆلار کەلوپەلی پەخش (broadcasting equipment) و بەڕێژەی 3.97%و بەبەهای 1.86 ملیار دۆلار ئۆتۆمبێل هاوردەکراون. بەڕێژەی 5.57% و بە بەهای 2.6 ملیار دۆلار بەرهەمە نەوتییەکانیش هاوردەکراوە! بڕوانە گرافیکی 2 بۆ جیاوازی هاوردەکردنی کاڵاکان لەنێوان 2000، 2010 و 2020دا، هەروەها بۆ بینینی هەموو ساڵەکان بڕوانە فایلی هاوپێچکراو لەکۆتایی راپۆرتەکەدا.

لەڕاستیدا، گۆڕانکاری لە جۆری کاڵاکاندا بۆ عێراق روویداوە، بەشێوەیەک لە ماوەکانی رابردوودا مادده خاوەکان و مادده سەرەتاییەکان هاوردەکراوە، بەڵام ئێستا مادده ئامادەکراوەکان هاوردە دەکرێن، ئەمەش نیشانەیەکی روونی پاشەکشەکردنی پیشەسازی و کەرتی وەبەرهێنانی نیوخۆیی و جوڵەی هێزی کار دەردەخات.

گرافیکی 2 : بژاردەی چەند کاڵایەکی هاوردەکراو لە 2000، 2010 و 2020دا

# عێراق چ هەناردە دەکات؟

تاکە شتێکی سەرەکی کە لە ماوەی دوو دەیەدا عێراق بۆ بازاڕەکانی جیهانی ناردبێت نەوتە. لێرەدا  پرسیار ئەوەیە کە ئەگەرعێراق نەوتی نەبووایە چ شتێکی هەناردەی بازاڕەکان دەکرد؟ یاخود ئەگەر لە دەیەکانی داهاتوودا جێگرەوەی نەوت و کەمبوونەوەی بەکارهێنانی بۆ رێگریکردن لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کەوتە بواری جێبەجێکردن، عێراق چ هەناردە دەکات؟

لە ساڵی 2000دا عێراق تەنیا 4 جۆر ماددەی بە بەهای 14.7 ملیار دۆلار هەناردەکردووە، کە ئەوانیش نەوت بەڕێژەی 98.6%، نەوتی پاڵیوراو بەرێژەی 0.91% و گاز بەرێژەی 0.19% و قیر بەرێژەی 0.044%بووە، کەواتە هەمووی نەوت و بەرهەمەکانی نەوت بووە.

لە 2010دا کۆی هەناردەکردنی عێراق دەبێتەوە بە نەوتی خاو بەشێوەیەک 99.1% کۆی هەناردەکردنی عێراق لەو ساڵەدا نەوتی خاوە بە بەهای 44.7 ملیار دۆلار، واتە پاشەکشەیەکی گەورە لە کاڵاکانی دیکەدا روودەدات.

لەکۆتاییدا، لە 2020دا یەکێک لە شتە سەرنجڕاکیشەکان کە بەشدارییەکی خێرا و گەورەی لە هەناردەکردنی عێراق بۆ دەرەوەدا کردووە ئاڵتوونە. بەشێوەیەک لەکۆی هەناردەکردنی عێراق بۆ دەرەوە، رێژەی هەناردەکردنی نەوتی خاوی بۆ 77.4% دابەزندووە. لە 2020دا بە بەهای 7.96 ملیار دۆلار ئاڵتوون هەناردەکراوە و بەڕێژەی 13.7% بەشداریی لە هەناردەکردنی عێراق بۆ دەرەوەدا کردووە. بڕوانە گرافیکی 3 سەبارەت هەناردەکردنی مادده و کاڵاکانی عێراق بۆ دەرەوە لە ماوەی دوو دەیەدا، هەروەها بۆ تەواوی ساڵەکان بڕوانە فایلی کۆتایی لەم راپۆرتەدا.

گرافیکی ٣:  هەناردەکردنی عێراق بۆ جیهان لە 2000، 2010 و 2020دا.

# عێراق لە کوێوە و بۆکوێ کاڵا هاوردە و هەناردە دەکات؟

لەدوو دەیەی رابردوودا، لەڕووی هاوردەکردنەوە، چین یەکێکە لەو وڵاتانەی عێراق هاوردەی لێوە دەکات. بەردەوامیش لە رێزبەندی یەکەم تاوەکو سێیەمەدا بووەو، پێشبڕکێی لەگەڵ دراوسێیەکانی عێراق و ئیمارات کردووە. هەروەها، خاڵێکی سەرنجڕاکیش گۆڕانکارییە لە رێزبەندی وڵاتان کە عێراق ئاڵوگۆڕی بازرگانی یاخود کاڵای لێوە هاوردە دەکات، بەشێوەیەک لە 2000کاندا تورکیا و ئیمارات لەرێزبەندی

هاوبەشی سەرەکی عێراق نەبووە، بەڵام لە دوای 2003ەوە دەبنە یەکێک لەو سێ وڵاتەی زۆرترین کاڵای هەناردەی عێراق دەکەن، ئیمارات لە 2020ەوە ڕێزبەندی یەکەم لە چین وەردەگرێتەوە و بە ڕێژەی 28% بەشداریی لەکۆی کاڵا هەناردەکراوەکان بۆ عێراق دەکات. گۆڕانکارییەکان لە ڕێزبەندی ئەو وڵاتانەی کە عێراق کاڵای لێوە هاوردە دەکات جێگەی تێرامانە. بەشێوەیەک کە لەڕووی هاوردەکردن لە وڵاتاندا ڕێزبەندییەکە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، بەڵام نازانرێت تاوەکو چەند هاوسەنگی ئاڵوگۆڕی بازرگانی یاخود بەکارهێنانی پەیوەندی بازرگانی بۆ بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی دیکە سوودی لێوەرگیراوە؟ تورکیا لە 2020دا بەڕێژەی 19.6% سێیەم وڵات بووە کە عێراق بە بەهای 9.14 ملیار دۆلار کاڵای لێ هاوردە کردووە، کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ لەڕووی بەنداوەکانی تەواو دەکات و بەردەوامە لە گرتنەوە و گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو ئاوەی کە بۆ عێراق دێت!

گرافیکی 4: ئەو وڵاتانەی عێراق لە 2000، 2010 و 2020 دا کاڵای لێوە هاوردەکردوون

لەڕووی هەناردەکردنەوە، لە سەرەتای 2000کاندا عێراق کاڵاکانی "نەوتی" بۆ هەریەکە لە وڵاتانی ئەمریکا، کەنەدا، ئیتاڵیا، فەرەنسا و ئیسپانیا ، واتە ئەمریکا و ئەورووپا ناردووە،بەڵام لە 2010دا گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوودەدات و وڵاتانی ئاسیا، چین، کۆریای باشوور و ژاپۆن و سەنگافۆرە ڕێزبەندی یەکەم دەگرن و لە 2020وە تورکیا و هیندستان لەپاڵ وڵاتانی ئاسیا و بەتایبەتیش چین دێنە ڕێزبەندی یەکەمەوە وەکو لە گرافیکی 5دا هاتووە.
لەڕاستیدا، گۆڕانکارییەکە بەشێوەیەکە کە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا ئەمریکا لە ریزبەندی یەکەمی ئەو وڵاتانەدا نامێنێت کە عێراق کاڵای(نەوت) بۆ هەناردە بۆ دەکات و، چین و هیندستان دەبنە یەکەمین. ڕاستییەکی دیکەش پاشەکشەی هەناردەی عێراقە بۆ ئەورووپا و وڵاتانی دیکەی ئاسیا، ئەویش بەهۆی ئەوەی کۆی هەناردەکردن یەک جۆرە و بۆ چەند وڵاتێکە، بۆ نموونە لە 2020دا نزیکەی 70%ی هەناردەکردنی نەوت بۆ چین، هیندستان و تورکیا بووە وەکو لە گرافیکی 5دا دیارە.

گرافیکی 5: هەناردەی عێراق بۆ وڵاتان لە ماوەکانی 2000، 2010 و 2020دا.

## نیشاندەرە سەرەکییەکان و داهاتووی ئابووری عێراق

نیشاندەرە ئابوورییەکان بۆ خوێندنەوەی داهاتووی ئابووری وڵاتێک زۆرن، بەڵام گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی GDP وڵات و تاکەکەس، ڕێژەی زیادبوونی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی و ڕێژەی هەڵئاوسان، لەگەڵ ڕێژەی بێکاری لە پێوەرە سەرەکییەکانن. وەکو لە خشتەی یەکەم دا دەردەکەوێت لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا ژمارەی دانیشتووانی عێراق بووەتە دوو هێندە، واتە لە 23 ملیۆنەوە بۆ 40 ملیۆن گۆڕاوە، کۆی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی لە 48.36 ملیار بەرزبووەتەوە بۆ 235 ملیار دۆلار، بەڵام ڕێژەی بێکاری لە 8.7% بەرزبووەتەوە بۆ 13% و لە 2021دا گەیشتووەتە 14.1%. لێرەدا لی کوان ئیو بە بیردێتەوە کە لە بیرەوەرییەکانیدا و لە کتێبی (لەجیهانی سێیەمەوە بۆ یەکەم: چیرۆکی سەنگافۆرە 1965-2000) لە لاپەڕە 51دا لەبارەی گۆڕینی سەنگافۆرە لە جیهانی سێیەمەوە بۆ یەکەم دەڵێت " ئەگەر ئێمە بەبێ بازاڕێکی هاوبەش لەگەڵ مالیزیا بەردەوامبین و بەوشێوە بازرگانی لەگەڵ ئەندەنۆسیا بکەین، ئەوا تاوەکو کۆتایی ساڵی 1966 ڕێژەی بێکاری 14% تێدەپەڕێنێت، ئەمەش بەواتای نائارامی کۆمەڵایەتی دێت".
ئابووری عێراق، ئابوورییەکی پشتبەستوو یاخود کرێنشینییە، کە ئەگەر نرخی نەوت بەرز بێتەوە، داهاتی وڵات زیاد دەکات، ئەگەر نرخی نەوت دابەزێت ئەوا داهاتی عێراقیش کەم دەبێت، ساڵی 2020 و ئەم ساڵیش هەردوو نموونەکە زۆر جوان دەرکەوتوون.
لەڕاستیدا، ئەوەی جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی لە ڕاپۆرتەکەیدا سەبارەت زیادبوونی داهاتی نیوخۆ، زیادبوونی یەدەگی بانکی ناوەندی، کەمبوونەوەی قەرزەکانی سەر عێراق، زیادبوونی متمانە بە بانکەکان، جێگیربوونی نرخەکان و کەمی ڕێژەی هەڵئاوسان لە ئەم ساڵدا باسیکردووە، هەمووی یەک شتە؛ بەرزی نرخی نەوتە، نەک ڕێکخستنەوەی سامانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی باش و، داهێنان لە کۆنترۆڵکردنی داهات و خەرجییەکان و کەمکردنەوەی گەندەڵی! بەپێی ڕاگەیێندراوێکی دەستەی دەستپاکی عێراق، بەتەنیا لە ئاڵوگۆڕی دراودا بەهۆی گەندەڵی، نزیکەی 4 تریلیۆن دینار بەر گەنجینەی گشتی کەوتووە [5]".

**خشتەی 1: نیشاندەرە سەرەکییەکانی ئابووری عێراق لە 2000 -2020 .**

سەرچاوە: بانکی جیهانی

## کۆتایی

لە کۆتاییدا، بەپێی داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق، یەک لەسەر چواری عێراقییەکان هەژارن. هەروەها ڕەوشی بێکاری بەپێی لێکدانەوەکەی لی کوان ئیو، دەمیکە بووەتە هۆی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی. کەواتە ئەم ئابوورییە پشتبەستووە بە داهاتی نەوت و هاوردەکردنی کاڵا لە دەرەوە، تەنیا لە یەک ڕێگەوە ئاراستەکەی دیاری دەکرێت، ئەویش نرخی نەوت و داهاتووی بازاڕی نەوتە، کە چاوەڕواندەکرێت ئەمساڵ لەسەرووی 100 دۆلارەوە بۆ هەر بەرمیلێک و ساڵی داهاتووش لەسەرووی 70 دۆلارەوە مامەڵەی پێوە بکرێت. بۆیە ئاراستەی ئابووری عێراق لە ئەم ساڵ و ساڵی داهاتووشدا ڕوو لە بەرزبوونەوە دەبێت. هەڵبەت شارەزایانی بواری ئابووری و وزە پێیانوایە ئەم زیادبوونە لە گەشەکردنی بەرهەمی ناوخۆیی عێراق، پەیوەست نییە بەهێزی کار و بەرهەمهێنانی ناوخۆوە، بەڵکو داهاتێکی گەورەی نەوتییە کە مانگی ئایار تۆمارێکی نموونەیی لە مێژووی عێراق تۆمارکرد، کاتێک داهاتی نەوت گەیشتە سەرووی 11 ملیار دۆلار. هەربۆیەش چاوەڕواندەکرێت هاوردەکردنی کاڵا لە دەرەوە بەوشێوەیە بەردەوام دەبێت.

### تێبینی، کلیک لێرە بکە بۆ کۆی داتاکان [دوو دەیە ئاڵۆگۆڕی بازرگانی عێراق]

**سەرچاوەکان**


AJG Simoes, CA Hidalgo. The Economic Complexity Observatory: An Analytical Tool for Understanding the Dynamics of Economic Development. Workshops at the Twenty-Fifth AAAI Conference on Artificial Intelligence. (2011)

[1] https://ina.iq/eng/19666-al-kadhimi-we-will-closely-follow-implementing-national-strategy-for-early-childhood-development.html

[2] https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/120520228

[3] http://www.mof.gov.iq/Pages/MainMof.aspx

[4] https://oec.world/en/profile/country/irq

[5] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0106202230